Iraq _Kurdistan parliament
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No: 19
Date: 18/9/2014

ژمارە: ١٩
ڕۆژ: ٢٠١٤/٩/١٨

# بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت / پرۆژە یاسا

٢٦٢١
٢٠١٤/٩/١٨

دوای سڵاوو ڕێز ..

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پرۆژە یاسای (هەموارکردنەوەی مووچە) پێشکەش دەکەین، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بەڵام لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی هەندێ تێبینییان لەسەر پرۆژەکە خستبووەڕوو. دوای پێداچوونەوەو چاککردنیان ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەین، داواکارین بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدرێت.

| ژمارە | ناوی ئەندام | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | د. شوان قەلادزەیی | |
| ٢ | ایدا معروف | |
| ٣ | د. هوالە اسماعیل کریم | |
| ٤ | عبدالله زیباری | |
| ٥ | ماجد بازرگان | پەیوا شە ... |
| ٦ | محمد صالح | |
| ٧ | غزیب مصطفی جعفر | |
| ٨ | شکریە اسماعیل (شکریە ئیسحاق) | |
| ٩ | سەرمەد سلیم حمە | |
| ١٠ | د. پێرۆ صالح حمید | بەچاککردنی تێبینیەکان |
| ١١ | | |
| ١٢ | | |
| ١٣ | | |
| ١٤ | | |

# پرۆژە یاسای هەموارکردنی مووچە

ماددەی یەکەم :-

زاراوەکان

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢- ئەنجوومەنی وەزیران : ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق .

٣- وەزیر : وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری .

٤- وەزارەت : وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووری .

ماددەی دووەم :-

مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکان و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و ئەو پلانەش کەلەوانەوە نزیکن بەڕێژەی ٢٠ ٪ کەم بکرێتەوە .

ماددەی سێیەم :-

ئەو فەرمانبەرانەی کەبڕوانامەیان نیە و لەنوێ دادەمەزرێن پێویستە کۆی مووچەکانیان لە ٥٠٠,٠٠٠ هەزار کەمتر نەبێت .

ماددەی چوارەم :-

خاوەن بڕوانامەکانی شەشەم و نۆی بنەڕەتی و شەشەمی ئامادەیی کۆی گشتی مووچەکانیان لە ٥٠٠,٠٠٠ تا ٧٥٠,٠٠٠ هەزار حیسابی بۆ بکرێت.

ماددەی پێنجەم :-

ئەو کەسانەش خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆس و پەیمانگاکانن لەکاتی دامەزراندنیان کۆی گشتی مووچەیان لە ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆنێک کەمتر نەبێت . وەلەهەمان کاتدا جیاوازیەک هەبێت لەنێوان بەکالۆریۆس و بڕوانامەی پەیمانگا.

ماددەی شەشەم :-

بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە خوێندنی باڵاکانن. لە ١٥٠٠,٠٠٠ کەمتر نەبێت .

ماددەی حەوتەم :-

لەکاتی خانەنشینی فەرمانبەراندا بەپێ جیاوازی کارێک بکرێت خانەنشینەکەیان نزیک بکرێتەوە لەو مووچەیەی کە پێشتر وەریان گرتووە ، واتە ٨٠ ٪ لە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەو بڕوانامە بگرێتەوە، وەکو لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (١٣) سالی (٢٠١٠)، لەیاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەیدا هاتووە .

بە پێی ئەم خشتەیە ئەو پێشنیارانەمان کردووە، کە تیایدا جیاوازی هەیە لەگەڵ خشتەی ساڵانی پێشوو کە بە رێنمایی ژمارە (٢١) سالی (٢٠٠٨). بەنووسراوی ژمارە (١٤٠١٧/١٤/٩) لە مێژووی (٢٠٠٨/٦/٢٤) دەرچووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی و ئابووری/ بەشی ژمێریاری و لێکۆڵینەوە، وەهەروەها سوود وەرگیراوە لە رێنمایی و خشتەی دارایی کە لەلایەن حکومەتی فیدرالی بەغداوە دەرچووە : -

| تفاصیل | مووچەی بنەڕەتی نێستا | مووچەی بنەڕەتی پێشنیارکراو | دەرماڵەی بڕوانامە | رێژەی پێشنیارکراو بە (نسبە) | پلەو مرطبە | رێژەی زیادکراو لە بغداد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بێ بڕوانامە | ١٤٠,٠٠٠ | ٣٠١,٠٠٠ | ٪١٥ | ٪١١٥ | ١٠ — ١ | ٪١١٤ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شەشەمی سەرەتایی | ١٥٢,٠٠٠ | ٢١١,٦٠٠ | %١٥ | %١٠٥ | ٤ – ١٠ | %١١٤ |
| سێیەمی ناوەندی | ١٨٥,٠٠٠ | ٣٣٣,٠٠٠ | %١٥ | %٨٠ | ١ – ٩ | %٢٨ |
| شەشەمی ئامادەیی | ٢٤٠,٠٠٠ | ٤٠٨,٠٠٠ | %٢٥ | %٧٠ | ١ – ٨ | %٥٤ |
| دبلۆم | ٢٦٠,٠٠٠ | ٤١٦,٠٠٠ | %٣٥ | %٦٠ | ٥ – ٨ | %٥٤ |
| بکالوریۆس | ٢٩٦,٠٠٠ | ٤٢٩,٢٠٠ | %٤٥ | %٤٥ | ١ – ٧ | %٤٢ |
| ماجستێر | ٣٧٤,٠٠٠ | ٤٧٨,٧٢٠ | %٧٥ | %٢٨ | ٣ – ٦ | %٢٧ |
| دکتۆرا | ٤٢٩,٠٠٠ | ٥٠٦,٢٢٠ | %١٠٠ | %١٨ | ١ – ٥ | %١٤ |

**تێبینی / ئەم نەخشەیە ڕێکخراوە بە سوود وەرگرتن لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووری بەشی دیراسەت دراسەت و لێکۆڵینەوە/ بە ڕێنمای ژمارەی (٢١) بە نووسراوی ژمارە ١٤٠١٧/١٤/٩ مێژووی ٢٠٠٨/٦/٢٤ .**

**ماددەی هەشتەم:-**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە .**

**ماددەی نۆیەم:-**

**لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووری پێویستە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

## ( هۆیەکانی دەرچوونی ئەم پرۆژەیە )

دادگەری کۆمەڵایەتی بنەماو هۆیەکی گرنگە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات و فەرمانڕەوایان ( الموطن والحاكم ) ، دادگەریش بنچینەی دەسەڵاتە ( العدل أساس الملك ) .

لەم ڕوانگەوە ئەم پرۆژەیە پێشکەش بەبەڕێزتان دەکەین ، کەتایبەتە بە ڕێژەو ئاستی مووچە لەهەرێمی کوردستاندا بەو هۆیەشەوە نرخ و سەنگ تا ڕادەیەك بۆ بڕوانامە دەگەڕێتەوەو بێبڕوانامەکانیش هەست بە نائومێدی لە ژیاندا ناکەن .

بە پێویستی دەزانین ئەم بابەتە بەشێلگیرانە بگیرێت چونکە بەرژەوەندی هاوڵاتیان لەخۆ دەگرێت و لەسنوورێك دادگەری دێنێتە ئاراوە ، چونکە ئەوەی ئێستا لەئارادایە نادادگەریە ، قورسبوونی گوزەران و زەحمەت بەڕێوەچوونی ژیان هۆکارێکی ترە بۆ سەرهەڵدان و دورست بوونی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە.

وێنەیەك بۆ /

دۆسیەی تایبەت